www.kurdistannet.org
17-10-2006 22:24بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئاخۆ ئازادی دەبێتە قوربانی چەند وتارێک؟ ... ئیبراهیم ئیسماعیل عەباس

یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکان و هاوپەیمانیەتی گەرمی یەکێتی و پارتی، بەپێچەوانەی هەموو پێشبینییەکان، دۆخێکی زۆر تایبەتی لە کوردستان داهێنا. زۆرن ئەو کەسانەی بە بڕوایەکی تەواوە دەڵێن: دوو ئیدارەیی و ململانێی حیزبەکان، پشکێکی لە پیرۆزی تێدابوو!! چونکە لەوەتەی حوکمەتەکان یەکیان گرتۆتەوە، حیزبەکان بوون بە برا. خزمەتگوزارییە زۆرەکان کەم کراونەوە، کێوێکی ڕاستەقینە کەوتۆتە نێوان بەرپرسان و خەڵك. لە پەرچەکرداری ئەمی تیرۆرست و ئەوی ڕۆژنامەنووس، پەرلەمانەکەمان زۆر بە خێرایی بەرە و هەموارکردنی یاسا سڕبووەکان تێدەکشێیت. وا خەریکە هێدی هێدی لەجیاتی چارەسەری ڕاستەقینەی گەندەڵی. سزادانی خائین و سیخوران. بەرەو تولە ڕێیەکی باریکی دیکتاتۆری پێی هەڵدەگرین.

پرسیارێکە و وەڵامی گەرەکە، بەتایبەت لە ئێستادا کە لەهەموو کات زیاتر، باس و پێشنیاری کار پێکرانەوەی ماددەی یاساکانی سزادانی ڕۆژنامەنووسان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەکرێت؟؟ ئەگەر وەڵامەکەی ئەوە بێت. ئازادی ڕۆژنامەنووسی تا نوکە ڕێکنەخراوە. ئەی کێ هۆکاری ڕێکنەخستنی بووە لەزیاتر لە دەیەو نیوێکی حوکمی خۆماڵی؟ ئایا نابێت مافی ئەوەمان هەبێت بڵێین بۆ تائێستا ڕێکنەخراوە؟ ئەو ساتەی لەجەنگی گەرم و ساردی نیوەی نەوەتەکانی باشووری کوردستان، تا سەدەی بیستمان بەڕێی کرد، هەرچی جۆێنی ناشرینی کۆن و نۆێی هەبوو هەمووی گوترا. بۆ ئەو کاتە کە لەجیاتی یەك دەزگای دادوەری دووانمان هەبوو، یاسای ڕیکخستنی کاری ڕژنامەوانی کاری پێنەکرا؟.

یان ڕاستی مەسەلەکە لەوەدایە، کەمن بەکارەساتی دەبینم. بەداخەوە هیچ خاوەن پۆستێك، خۆی بە خاوەنی پیشە و کارەکەی خۆی نازانێت، تائەو ساتەی، بەرزترین دەسەڵاتی وڵات لەپەرچەکردارێکی کارێك، هەڵەیەك، دێتە قسە و ئینجا پاش ئەو لەجیاتی پێشنیاری دەیان پێشنیاز و پێشنیار ئامادە دەکرێن، بەڵام چۆن پێشنیازێی؟.

زۆربەی هەرە زۆرمان لە دوور مەودای بیر و ڕاوانین و ئاخاوتنەکانی بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاشناین. هەمیشە لەناو ئاخاوتنەکانی، ڕەتکردنەوەی ڕا سەپێنی و دژە دۆگماتیزی دەبینین. هەر لەبەر ئەمەش بووە هەمووکات لە نووسینەکانم، پەسنی ئەو لایەنە دروشاوەی وتەکانی سەرۆك بارزانیم داوە. بەڵام ئەوەی گۆمی ڕوونی ڕاستییەکان لەسەرۆك لێڵ دەکەن، ئەو کەسانەن لە ڕابردوو، تۆوی قینی نێوان حیزبەکان و جەماوەریان ڕوواند و چەکەرەیان پێکرد. ئەوانە لەسەر بچوکترین دەرفەت بازنادەن، بۆ شەن و کەوکردنی لایەنە نەرێنیەکان و هەتا بۆیان بلۆێت ئاراستەی بریارەکانی ئەم زاتە بە ئاڕاستەی نەخوازراوی سەرۆك و هاووڵاتیان دەبەن.

ناخوازم کەس لافی بێی ئینتیمایم بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە سەردا لێبدات، یان بە دژە یاسایی تۆمەتبارم بکەن. چونکە بەش بەحاڵی خۆم هەموو کات، تا ئەو ساتەش (لەگەڵ تێبینی زۆرم لەسەر کاردانەوەی توندی بەرێزیان لە ئاست بابەتێکی گچکە. ) بە شایستەترین سیاسی کوردی دەزانم، کە پێویستە پێش هەمووان گوێی بۆ بگیرێت. حەزیش ناکەم نە لەگەڵ کەس بەراورد بکرێت، نە هەڵەی هیچ کەس لەسەر بەرێزیان بژمێردرێت. بەڵام ئەم وتەیەم هەرگیز بەو واتایە نییە. کە هەندێك جار، بەهۆی ئەو کەسانەی دەنگیان هەمیشە دەگاتە بەرێزیان. تووشی کاردانەوەی توند دەبێت. کە خۆزگە دەخوازم وانەبێت و من لە دەربرینی ڕایەکەم هەڵە بم.

چونکە گەر بەڕاستی قسە لەو هەڵایە گەورەیە بکەین، کە ئێستا بە هۆی ڕاگەیاندنەوە لە ڕۆژهەڵایە و خەڵك و دەسەڵاتی پێکەوە سەر گەرم کردووە. تەنها ئەو کەسانەی دەستێکیان بالیفی سەری دوژمن

بووە و دەستەکەی تریشیان لە تالآنکردنی سامانی خەڵکی کوردستان دایە. ئەوانە ئەگەرچی لە ویژدانی خۆیاندا لە دڵەڕاوکێیەکی توندا دەژین، بەڵام تا ئەو ساتەش ئاشیان بە بای دەسەڵات دەگەڕی. بۆیە هەتا بۆیان بلۆێی و بۆیان بکرێت، بە هۆی گەیشتنیان بەسەرچاوەی بڕیارەکان، ڕیگا نادەن بەئاسانی، ڕاستییەکان وەکو خۆیان، بێی پەردەپۆش، بە دەسەڵاتی باڵای ئەم وولآتە بگەن. لەم نێوەندەشدا، ئەو هاوسەنگییە دروست دەبێت و دەبینرێت. ئەگەر لەلایەك دەسەڵات مژوولی بەدواداچوونی ڕاستی و ناڕاستی، پاکی و خیانەتی فایلداران بێت. لەلایەکی تریش سەرگەرمی دەکار خستنی، بڕیارەکانی قانوونی سزادانەکانی ڕۆژنامە نووسان دەبێت.

2006/ 10 / 16